وەزارەتی خوێندنی  بالاّ و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سیدصادق
بەشی جوگرافیا / ئێواران

# زمانی کوردی

ئامادەکردنی
پشتیوان محمد فتاح

بەسەرپەرشتی
بەڕێز / د . کمال بەرزنجی

سالّی خوێندنی ﴿ ٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠ ﴾

# پێشەکی

جێگای خۆشحاڵی یە بۆ ئێمەی کورد کە ئیمرۆ بارودۆخ بە شێوەیەکی وا ڕەخساوە کە هەموو تاکە کەسێك دەتوانێت بەدوای سەرچاوەی گرنگ و دیکۆمێنتە مێژووییەکاندا بگەڕێت و زانیاری تازەش لەسەر مێژووی گەلەکەمان و زمانی گەلەکەمان کۆبکاتەوە و چ جای ئێمەی خوێندکاران کە گرۆتینێکی ئێجگار زۆرمان تێدا هەیە بۆ زیاتر بەدواداچوون و دۆزینەوە و ساغکردنەوەی ڕاستیە مێژووییەکان و بەدەرخستنی ڕووی گەش و ڕووناکی زمانی نەتەوەکەمان و ئاشنا کردنی دۆست و دۆژمنا نمان بەسەرجەم لایەنە پرشنگدارەکانی زمانی باو و پیرا نمان وەکو نەتەوەیەکی کۆن و سەربەخۆ و دیاری ناوچەکە و سەلماندنی ئەوەی کە دوژمنا نمان هەمیشە و هەرچی بۆیان کراوە و لە دەستیان هاتووە دریغیان نەکردووە لە ناشیرین کردن و لە کەدارکردنی زمانی جوانی کوردی ، جێگای شانازییە بۆ منی خوێندکار کە بتوانم ڕا پۆرتی لەم شێوەیە بنوسم و گرنگی و سەنگی قورسای زمانی کوردی و دەربخەم .

# پێناسەی زمان

تا ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیا لە بارەی زمانەوە خراونەتە ڕوو ، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو :

چۆمسکی دەڵێت : (( زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ، ڕێزمان دەریان دەکات )) .

بلۆك و تراگەر دەڵێن : (( زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لە خۆوەیە ، کە دەتوانرێت بۆ لە یەکتر گەیشتن بەکاربێت )) .

سا پیر دەڵێت : (( زمان هۆیەکی نا غەریزییە و تایبەتە بە مرۆڤ ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت ، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لە ژێر یاسای مرۆڤدایە )) .

مارتێنت دەڵێت : ((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن ، لە چەند دانەیەکی بچووك پەیدا دەبێ ، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن )) .

کارۆڵ دەڵێت : (( زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە ، کە دەتوانرێت بەکاربێت بۆ گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر )) .

کەواتە لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی خوارەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین زمان :

(( گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لە یەکتر گەیشتنی ئادەمیزادە )) . ١ [٤١]

## دەرونزانی زمان :

زانا دەرونزانەکان گرنگیان بە قسەکردنی مرۆڤ داوە ، چونکە زمان هۆکاری پەیوەندییە لە نێوان کەسەکان ، لە ڕێگەیەوە زانیاری و هەڵچون و سۆزەکان دەگوازرێنەوە و ئەم بوارانەش گرنگی بەم لایەنانە دەدات . ١١ [٣١]

**زمان :** ووشەی سەرەتایی مرۆڤ بوو ، چونکە بەووشەوە مرۆڤ بوو بە مرۆڤ ، خۆ ئەگەر ئەم دەنگە سەیرانە نە بوونایە کە پێیان دەڵێن ( ناوە گشتییەکان ) نەماندەتوانی بیرو هۆشمان لەناو پێکهاتە بچووکەکان یان ئەزموونە بچووکەکان دەربکەین .٧ [١٦٢]

**زمانی گووتی :** هەتا ئەو ڕۆژەی دەقی ئەم زمانە نوسراو- ئەگەر هەبێت-نەدۆزرێتەوە ، هەر بە تەلیسم دەمێنێتەوە ، لەگەڵ ئەمەشدا زانیاری کەم بەڵام گرنگ لە بارەیەوە لەڕێی هەندێك

ناوی کەسی گوتییەوە کە لەلیستی پادشایانی سۆمەردا هاتوون ، دەکرێت هەڵبهێنجرێن ، ئەم ناوانە ئەوە پیشان دەدەن کە زمانی گوتی سەر بە گرووپی گەورەی زمانەکانی زاگرۆس بووە وەك زمانی عیلامی و لوللوبی و یەکێك بووە لەو زمانانەی کە حەمورابی بە سەخت وەسفی داون .
٨ [٧٢]

## زمانی کوردی

زمانی کوردی زمانێکە کە خەڵکی کورد قسەی پێدەکەن ، لە ڕووی بنەماڵەوە بەشێکە لە زمانە هیند و ئەوروپاییەکان . ئەم زمانە لە زمانی کەڤناری مادی کەوتووەتەوە . زمانی کوردی لەنێوان زمانی هیندو ئەوروپاییەکان لە بواری گەورەیی سێیەمین زمانە و دەکەوێتە دوای زمانی فارسی و زمانی پەشتۆ .

زمانی کوردی چەند شێوەزاری سەرەکی هەیە و کە جیاوازی زۆریا هەیە و زمانناسەکان لەسەر چۆنیەتی جیاکردنەوەی ئەم شێوەزارانە یەك دەنگ نین . بەڵام زۆربەیان زمانی کوردی بەم چوار دەستەیە دابەش دەکەن :

- کوردیی باکوور ( ژوورین ) بادینی
- کوردیی ناوەندی ( سۆرانی )
- کوردیی باشووری ( خوارین )
- گۆرانی - زازایی

هەندێك لە زمانناسان ، لوڕیش و شێوەزارێکی زمانی کوردی پۆلبەندی دەکەن . ئەگەر چی لوڕی ژمارەیەکی زۆری ووشەی کوردی تێدایە ، بەڵام هێشتاش لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەسەر لوڕی لە بەردەستدا نییە . ٢ (ویکیپیدیا)

کورد نەتەوەیەکی گەورەی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستن کە ژینگە سەرەکییەکەیان بە کوردستان دەناسرێت کە بەسەر وڵاتانی ئێران و ئێراق و تورکیا و سووریا بەشکراوە و لە شاخەکانی ئاناتۆڵی هەتا زنجیرە چیای زاگرۆس درێژ دەبێتەوە . کورد لە شوێنەکانی دیکەی

رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بلاوبوونەتەوە . ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی کورد نییە بەلام بە ( ٣٥ ) میلیۆن کەس زیاتر مەزندە دەکرێت .

زۆرینەی کورد موسڵمانی شافعین و ئەوەی دەمێنێتەوە موسڵمانی شیعە و یارسان و ئێزیدی و خاچپەرست و جوولەکە و ئاشوورین . ٢ (ویکیپیدیا)

زمانی کوردی زمانێکی هێندۆ ئەورپییە و سەربەگروپی ئێرانیە لە فارسی و عەرەبی و تورکی جیایە ڕێزمانی سەربەخۆ و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی هەیە کە هەر لەسەدەی ( ١٠ ) ی زاینیەوە دوو دیالێکتی سەرەکیە کەشی بریتین لەکرمانجی و سۆرانی بەشێوەیەکی گشتی کوردەکانی تورکیا ، سوریا ، یەکێتی سۆڤێتی پێشوو ناوچەی بادینانی کوردستانی عێراق بە دیالێکتی کرمانجی قسە دەکەن ، کوردەکانی تورکیا ئەلف و بێی لاتینی بەکاردێنن ، ئەوانەی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو چیریکۆك ( ڕوسی ) و کوردەکانی عێراق و ئێران و سوریاش ئەلف و بێی عەرەبی بەکاردێنن لە نوسینیدا ، هەروەك بۆمان ڕوون بووەوە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان و سەر بەلقی ژووروی ڕۆژئاوایە ، هەرچەندە ئەم زمانەش لەڕووی ڕەگەزەوە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا سەربەخێزانی هیندۆ ئارییی ، بەلام دراوەتە پاڵ ئەو زمانەی کە ــ مادەکان ــ پێی دواون و لە سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش زایندا لەناوچەی گۆمی وورمێ دا ژیاون ، بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ، کوردەکان بە پاشماوەی مادەکان دادەنرێن . مادەکانیش لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایندا ، توانیان بەتەواوی دەست بەسەر ناوچەیەکی گەورە و فراواندا بگرن و دەسەلات بەسەر ئێران و بەشی ژووری عێراق و چەند بەشێك لە ئاسیای ناوەڕاستدا هەتا دەگاتە ڕووباری ( خالص ـ قزل ارمقە ) ە وە پەیدا بکەن ،هەر بە هۆی ئەو داردەستە سیاسیەشەوە توانیان ئاینی خۆیان بەسەر دانیشتوانی کۆنی چیای زاگرۆسدا بسە پێنن. ٣ (٣٣،٣٤)

## پیشەو زمانی کوردی :

یەعقوبی و مەسعودی کە باسی کورد دەکەن دەڵێن خەسیەتێکی توند و تیژیان هەیە ، بە پێی سەرچاوە عەرەبییەکانیش کورد زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و لە چەند

**شێوەزارێك پێكهاتووە ، تەنوخی ( سەدەی دەیەم ) زمانی كوردی لە ڕیزی زمانانی عارەبی و ڕۆمی و ئەفرەنجی و سەفەلی و خەزەری دەدەنێت . ١٠[١٦١]**

## ـــ پەیوەندی كورد بەمادەكان و بە زمانەكەیانەوە : ـ

**هەندێك لە لێكۆڵەرەوەكان لەو بڕوایەدان كە كوردەكان پەیوەندییەكی پتەویان بەمادەكانەوە هەیە ، بە پێی بەڵگەی جوگرافیی و زماننناسیەوە دەشێت بووترێت ، كە كوردەكان نەوەی ئەو مادانەن كە لە ڕەچەڵەكی ڕەسەنی پاشاكانەوە هاتوون . هەروەك چۆن فارسەكان بەنەوەی یەكەم فارس دەژمێردرێن لە ڕۆژهەلات و خوارووی ڕۆژهەلاتیشەوە .**

**مامۆستا ( سایس ) دەڵێت : ( گەلی ماد ، چەند هۆزێكی كورد بوون كە لە ڕۆژهەلاتی ولاتی ئاشووردا نیشتەجێبوون وە سنوریشیان دەگەیشتە خوارووی دەریای قەزوین .**

**ئەم گەلەش لە ڕووی زمانەوە لە نەتەوە ـ هیندۆ ـ ئەورپییەكانە و لە ڕووی ڕەگەز و خوێنەوە لە جنسی ئاری ـ یە ) .٣[٣٤]**

**( مینۆرسكیش ) دەڵێت : ( كە لەمێژوو دەروانم و كۆچی هەموو هۆزە ئێرانیەكان دێنمە بەرچاو بۆ لێكدانەوەی بڵاوبوونەوەی كوردەكان بۆ ئەو ناوچەیەی كە كەوتۆتە خوارووی ئەنقەرە لە ئاسیای ناوەڕاست و ژووروی سوریاوە ، جگە لە كۆچی مادەكان هیچ كۆچێكی تر بەدی ناكەم ) ٣[٣٥]**

**هەروەها دەڵێت : (( دەبێت ئەوە باس بكەین كە ناوی كۆنی كوردەكان لە زمانی ئەرمەنی ، ئەم وشەیە ڕێك بەرامبەر ناوی كۆنی ( مادەكان ) دێت ، بەلام كوردەكان چۆن ناوی خۆیان گۆڕی بەكورد یان كرمانج ، لە كاتێكدا كە مێژوونووسی ئەرمەنی ( مایسای خونیسكی ) پەیوەندی نێوان كوردو مادەكان نیشاندراوە ؟؟؟ ئەمەیان دەتوانین بڵێین كە دەوڵەتی ( مادا ) یان میدیا چەند هۆزێكی جۆراجۆری گرتۆتەوە ، خۆ ئەگەر ئەرمەنییەكان ، بەدرێژایی چەند سەدە ، دراوسێی كورد و ماد بووبن و ( گەل ) یان دابێتە پاڵ یەك فەرمانڕەوایی ( سیاسی ) كۆن ،ئەو كاتە كوردەكان دەیانتوانی خۆیان بدەنە پاڵ یەكێك لەو هۆزە ناو دارانەی تایبەتی سەربازییان تێدا هەبوو . ٣[٣٦]**

یان هیچ نەبوایە توانای یەکگرتنێکی هۆزایەتیان دەبوو ، باشە ئەگەر کوردەکان نەوەی مادەکان نەبوونایە ، ئاخۆ ئەو هۆزە گەورانەی کورد کە بە یەکێك لە زمانە ئێرانییەکان دەدوان و لەوانی دی جیاوازە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە ..... لە کوێوە سەریان هەڵدەدا ...؟؟؟ جگە لەمەش هەندێکی دی لەلێکۆڵەرەوان دەڵێن ( ئەگەر زمانی مادەکان ، هەمان زمانی ئێستای گەلی کورد نەبێت ، ئەوا بەلای کەمەوە دەبێت لەبناغەی ئەو زمانە پێك بهێنێت ) ؟... بەلاّم ( تەباقر ) ئەم پەیوەندییەی نێوان کورد و ماد بەجۆرێکی دی لێك دەداتەوە و دەڵێت ( ناتوانرێت بەتەواوی ئەو کاتە دیاری بکرێت کە کۆچی کورد و ماد و فارسی تێدا دەست پێکراوە و بەو شێوەیەی دەڵێت لە دەریای قەزوینەوە سەرەتاکەی دەرکەوتووە ) بەلاّم لە ڕووی مێژووییەوە ، دوو کۆچی گەورەی هەندێك لە نەتەوە هێندۆ – ئەوروپاییەکان بۆ ڕۆژهەلاّت ئاشکرایە :

یەکەمیان و کرنترینیان کۆچی ( حشیی و کیشی ) یەکانە لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاینیدا بۆ ناوچە مێژوویەکانی خۆیان .

دووەمیشیان کۆچی ماد و فارسەکان بوو لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا کە مادەکان لە هەمەدان و فارسەکان لە هەرێمی فارسدا نیشتەجێبوون . ٣ (٣٦)

بەلاّم ڕاستتر ئەوەیە کە کوردەکان لەگەلّ ئەم کۆچەی مادەکاندا بوون ، ئەم چەند هۆزانەش بەشێوەی ( سواری ) کۆچیان کردووە و کە گەیشتوونەتە ژووروی عێراق پاشماوەی چەند نەتەوەیەکی کۆنی وەك ( گۆلی و لۆلۆیی و هوری ) یان بەدی کردوە کە لەو ناوچەیەدا خۆیان بە کشتوکاڵەوە خەریك کردووە ، بەلاّم ئەم هۆزانە دەستیان گرتووە بەسەر ئەو خەڵکەدا و پاش ماوەیەك تێکەلاّوییان لەگەڵیاندا پەیدا کردووە . ٣ (٣٧)

بەو جۆرە مامۆستا ( باقر ) بە پێی ڕای پێشووی خۆی و بە پێچەوانەی ڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوان ، کورد و مادی لەیەك جیاکردۆتەوە و دەڵێت ( زمانی کوردی بە هەموو شێوەکانییەوە سەربە و زمانە ئێرانیانەیە کە لە خێزانە زمانی هێندۆ ــ ئەوروپایین ) .

وە پەیوەندی پتەویشی بە زمانی مادەوە هەیە . وە چاکترین شت کە لەم بارەیەوە بوترێت ئەوەیە کە هەموو زمانە ئێرانییەکان دەبنە دوو کۆمەڵی گەورەوە :

کۆمەڵەی ژووروی ڕۆژئاوا : کەبریتیە لە ماد و کوردی و خوارووی ڕۆژئاواش کەبریتیە لە فارسی کۆن وەك (( هەفامەنشی )) ئەشکانی و پەهلەوی . سەرەڕای ئەمەش دەڵێت هەندێك لە باوەڕ پێکراوان وەك ( مینۆڕسکی ) لەو بڕوایەدان کە : هەموو شێوە کوردییەکان دەگەڕێنەوە بۆ تەنیا زمانێك کە زمانی مادە هۆزە کوردەکانیش بە پێی زمانەکەیان دەبێت لە هۆزە هیندۆ ئارییەکان بن ... ! لێرەدادەشێت ڕای مامۆستا ( باقر ) لەگەڵ ڕای مێژووناسی بەریتانی ( سیدنی سمیس ) دا بگونجێت کە دەڵێت (( گەلی کورد یەکێکە لەگەڵ هیندۆ – ئەوروپاییەکان کە لەو کاتەوەی مادەکان هاتوون بۆ میدیا و فارسەکان بۆ هەرێمی فارس ئەوانیش هاتوون بۆ کوردستان ، وە نزیکترین مێژووی هاتنیان بۆ ( ٦٥٠ی پ.ز ) دەگەڕێتەوە ، چونکە ئەو تۆمارە ئاشووریانەی مێژووەکەیان بۆ ئەو بەرواره دەگەڕێتەوە واتە ( ٦٥٠ی پ.ز ) شتێکیان لەو بارەیەوە ڕوون نەکردۆتەوە ،هەروەها سایسی زمانناس دەڵێت : (( مادەکان تەنها ئەوە نەبێت کە چەند خێڵ و هۆزێکی کورد بوون ، هیچی دی نەبوون و لە ڕووی زمانیشەوە ( ئاری )ن و سەر بە خێزانی هێندۆ – ئەوروپایین )) ....! ٣ (٣٨)

بەڵام چەند ڕایەکی تریش هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی مادەکان لەوانەش : باسیل نیکسین دەڵێن : (( زانای زمانەوانییەکان بەتایبەتی ( بۆت و ردویجار ) ئەو تیوریانەیان بەدرۆ خستۆتەوە کە دەڵێت زمانی کوردی لە ڕەگەزدا ، کلدانییە و وە ئەوەشیان سەلماندووە کە زمانی کوردی پەیوەندی بە فارسی و نوێ و بە زمانی زەندەوە هەیە . مەبەست لەم زمانەش زەند ئاڤێستایە . کە بەدایکی زمانی فارسی دادەنرێت )) هەروەها ( مار ) دەڵێت (( زمانی کوردی لەکاتی گەشەکردنیدا لەلایەن زمانی مادەکانەوە کاری تێکراوە و هەندێك لەو بڕوایەدان کە زمانی کوردی لە زمانی ماد – جیابۆتەوە ، چونکە ماددەکان بەڕەگەزی سەرەکی بنەچەکی کورد دادەنرێت ... )) ٣ (٣٩،٣٨)

( مینۆڕسکیش ) دەڵێت : ڕایەك هەیە کە دەڵێ : زمانی کوردی وەك هەموو شێوە تازەکان لە ئێراندا ، زۆربەی کەرەستەی دروست بوونی خۆی لەزمانی کۆنی مادەکانەوە وەرگرتووە و میدیاش ئەو دەسەڵاتدارێتی یە بووە کە ئێرانی کۆنی بەڕێوە بردووە ... ٣ (٣٩)

لەلایەکی تریشەوە ( مینۆرِسکی ) لەو برِوایەدایە کە زمانی ئاڤێستا و زمانی کوردی پەیوەندییان بەیەکەوە نی یە وە دەڵێ ( ئاشکرایە کە زمانی فارسی نەوەی فارسی ناوەرِاستە – واتە پەهلەوییە و ، فارسی کۆنیش ، زمانی مێژوویی ( بەند )ە کانە بەلاّم زمانی کوردی نەك هەر پەیوەندی بەهیچ کام لەمانەوە نییە ، بەڵکو پەیوەندی رِاستەوخۆی بە دووهەم زمانی کۆنی ئێرانی ( ئاڤێستا ) شەوە نییە ، کە کتێبە پیرۆزەکە ( ئاڤێستای ) پێ نوسراوەتەوە ...

بە مجۆرە ،منیۆرِسکی بەرپەرچی ئەو دەکاتەوە کە ئاڤێستا زمانی ئەو مادانە بێت کە وای لە قەڵەمدا لە دامەزراندنی زمانی کوردیدا بەشداری کردووە . لە کاتێکدا کە زۆربەی لێکۆڵەرەوان پەیوەندییەکی پتە و لەنێوان زمانی کوردی و ئەو زمانەی کە ئا ڤێستای پێ نوسراوەتەوە و بەدی دەکەن ،بە تایبەتی بەشە کۆنەکەی . لەلایەکی دیکەشەوە هەموو بەڵگە مێژوویەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئاڤێستا بەزمانی مادی نووسراوەتەوە ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرِێتەوە کە زەردەشت خەڵکی شاری ( ورمێ ) بووە لە ناوچەی موکریانی ئێستا لە ولاّتی میدیایە .

بەلاّم ( دارمتیر ) بەتەواوی ئەم رِایە رِوون دەکاتەوە و دەڵێت :- (( کتێبی ئاڤێستای زەردەشت بەزمانی مادەکان نوسراوە )) . ٣ [٤٠]

کوردەکان وەك چەندین سەرچاوە و مێژووناس رِوونیان کردۆتەوە لە رِەچەڵەکی ئارین و سەربەخێزانی هیندۆ – ئەوروپیش کە بۆ کۆمەڵەی ئێرانییەکان دەگەرِێتەوە و بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە ئەدەبیانەی کە دەستکەوتوون ناوی کورد بۆ یەکە مجار لەنێو کتابێکدا کە بەزمانی پەهلەوەی ( فەهلەوی ) نوسراوەتەوە و دۆزراوەتەوە بەشێوەی کورد و کوردان ، دامەزرێنەری رِێچکەی ساسانی پەرسی ئەرتاکشێر پا پکان ( ئەردەشێر پا پکان ) باس لە پادشایەکی کورد دەکات کە بەرامبەر نەیارەکەی ( هاودژەکەی ) وەستاوەتەوە بەناوی مادیگ ( مادیغ ) ، زمانی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوو بەش پێك دێت .کە ئەوانیش دیالێکتی ژوور و دیالێکتی خواروون . ٣ [٤٠]

## زمـــان

بێگومان ( زمان )ی تایفەکانی هەرە پێشوو ( زاغرۆسەکان ) کاریکردووەتە سەر زمانی ( کوردی )ی

کۆن ، یەعنی وتەیان کەوتووەتە زمانی کوردییەوە ، زاناکان ئەڵێن زمانی ئەمانە زمانی قافقاسییە ، یاعنی ئەمانە تیرە ئارییە هەرە کۆنەکانن ، ئەوەندە هەیە هێشتا بە تەواوی یەکلایی نەبووتەوە ، بەلاّم دیاریشە کە ڕەگەزی ئاری و قافقاسی یەکە ، چونکە هەموویان خەڵکی یەك شوێن بوون . هۆی لەوەڕ بۆ ئاژەڵ لەیەکتری جیاکردوونەتەوە . زانای سامیەکانیش ئەڵێن ئەمانە قافقاسین ( سامی ) نین ، جا لەبەر ئەوەی ئەمانە لەگەڵ کوردا پێکەوە ژیاون و ئەبێ شتێك لە زمانی ئەمانە لە کوردیی ئێستادا هەبێت ، جا داخیگرانە هەتا ئێستا بەتەواوی نەزانراوە زمانی ئەم ئارییە کۆنانە چۆن بووە ، بەڵگەیەك وەیا ( خەتێك ) کە بەو زمانە نوسرابێت هێشتا نەخوێنراوەتەوە ، ئەمەش وەها ئەگەیەنێ کە ئەم نەتەوەیە بەزمانی خۆیان نوسراویان بەجێنەهێشتووە . تەنها بەناوەکانیاندا کە زاناکان لە ئاسار ( نیشانە )ی ( سۆمەر و ئەکاد و ئاشۆر )ا خوێندویانەتەوە لەگەڵ قیافەتەکانیا کە لەنیگارە کانیانا نیشانیانداون و بەو تەعریفانە کە دەرحەقیان نوسراون ناسویاننەتەوە ، ئەڵێن ئەمانە بەزمانیش و ڕەگەزیش ( قافقاسی ) وە یا ( ئاری )ن . ئینجا دەربارەی زمانی ئەو نەتەوە کۆنانە لەمە زیاتر جاریَ ( زانستی ) نییە بە دەستەوە . بێینەوە سەر نەتەوەکانی دوایی کە ( ماد ، کاردۆخۆ ، پارس و پارتەکانن ) . بە پێی کتێبی موقەددەسی هیندییەکان لەناو ئەم ئارییانەدا دواى ١,٤٠٠ ساڵ پ.ز خوێندن و نوسین دەستیپێکردووە و . ئەگەر لەخاکی کوردستانی کۆنا لەمەولا نوسراو نەدۆزرێتەوە لە بابەت ( زمان )ی ئەم نەتەوانەشەوە هیچ کات زانیاری پەیدا ناکرێت . ٤ [(١١٨)]

ــ شارەزاو زاناکانی زمانی کوردی تێکڕا زمانەکەیان کردووە بە چوار ( بەش ) ی گەورەوە وەکو :

زانای گەورە ئەمین زەگی بەگ کە وەك لای خوارەوە دابەشی کردووە

١ / کرمانج ٢ / لوڕ ٣ / کەلهوڕ ٤ / گۆران .

وە نەبیَ هەرچی شێوەیەکی کوردی هەیە گشتی چوبێتە ناو ئەم چوار بەشە گەورەیەوە ، بەڵکو تەکو توون شێوە هەیە نانوسێت بەمانیشەوە و ئەوان سەربەخۆن بە جیا ئەمێنێتەوە . خاوەنی ( فەرهەنگی ) یش بە مجۆرەی لای خوارەوە دابەشی کردووە :

١ / زازا

٢ / کرمانجی دەستە چەپ ، واتە ( شیمالی ) کە بۆتانی ، بادینانی ، هەکاری ، بایەزیدی ، شەمدینانییە .

٣ / کرمانجی دەستە ڕاست کە سۆرانی ، بابانی ، موکریانی ، ئەردەلانی ، کەلهوڕی ، گۆراییە .

٤ /لوڕی ، کە بەختیاری ، لەکی ، فەیلییە .

**لەسەر حیسابی وتەی امین زەکی بەگ ئەڵێن :**

شێوەی کرمانجی : دوو کۆماری گەورەی جیاجیایە

یەکەم ( کرمانجی ڕۆژهەلاّت )

دووهەم ( کرمانجی ڕۆژئاوا )

**کرمانجی ڕۆژهەلاّت دابەش بووە بەسێ شێوەی گەورە :**

١ / سولەیمانی ( بابانی ) ٢ / موکری ٣ / سۆرانی

**ئەم سێ تاقمە کۆمارە بە مجۆرە دابەش بووە :**

مابەینی ( سیروان و زێی بچووك ) بابانییە .

مابەینی ( زێی بچووك و زێی گەورە ) سۆرانییە .

( شنۆ و لاهیجان و مەهاباد و میانداو ) موکریانە .

ئەم شێوانەی لای سەروو زۆر صاف و شیرینە . وتەی زۆرە ، زۆربەی شاعیر و ئەدیبی کورد لەمانە هەڵکەوتووە . ٤ (١٢٤،١٢٥)

**ئەم لوڕانە چوار بەشن :**

١ / لوڕی ئەصڵی ( فەیلی )

٢ / مامە سانی

٣ / کۆە گلۆیی

٤ / بەختیاری

زمانی فەیلی یەعنی لوڕی بچووك زۆر لە شێوەی ڕۆژهەلاّت ئەچێت . فەیلیەکان خۆیان دەڵێن ئێمە کوردین .

جەدۆلێك لەبارەی فەرقی شێوە و زمان لە ناو کوردەکاندا :

| عەرەبی | فارسی | لوڕی فەیلی | لوڕی لەکی | هەورامی | کرما نجی شەرقی ( سلێمانی ) | کرما نجی غەربی ( بەهدینانی ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| اذهب | برو | بچۆ | بچۆ | لووە | برۆ | هەرە . بچە |
| اجلس | بنشین | بنیش | بنیش | نیشەرە | دانیشە | ڕۆنە ، ڕۆنی |
| فوق | بالا | ئەوبان | بان | سەر | سەروو | ژوور ، سەر |
| عسل | انگبین | عەسەل | عەسەل | هەنگوین | هەنگوین | ڕەهنگوی ، هەنگڤ |
| بطیخ | خربزە | شامی | خەروزە | شوتی | شوتی | بش، شمتی، زیش |
| تین | ا نجیر | ئە نجیرە | ئینجیر | هە نجیرە | هە نجیر | هێژیر ، هێجیر |
| کمثری | رمود | ئەرموود | ئەرموود | هەمرۆ | هەرمێ | هەرمێ ،ئەشگرك |
| تفاح | سیب | سێو | سێڤ | ساو | سێو | سێڤ |
| حصان | اسپ | ئەسپ | ئەسپ | ئەسپ | ئەسپ | هەسپ ، حەسپ |
| شعیر | جو | جەوە | جەو | یەوی | جۆ | جە ، جۆ |
| اتی | من ایم | ئەیتم | ئەیتم | من مەو | یەم | دەئێم ، یتم |
| انهض | برخیز | ئەڵس | فیری | هورزە | هەڵسە | ڕابە ، هۆلۆ ، ورزە |
| عنب | انگور | ئەنگوور | ئەنوور | هەنگوور | ترێ | ترا ، ترێ |
| غنم | گوسفند | می | می | مەڕ | مەڕ | پەز ، بز ، جلیر |

٤ ( ١٢٧،١٢٨ )

## زمان و ئەدەب

زمانی کوردی دەچێتەوە سەر زمانی ئاری ئەویش لەخێزانی هیندۆ ئەورو پییەکانە ، زمانێکی سەربەخۆیە ئەگەر چی کاربەدەستانی تورك و ئێرانی و عەرەب پاش جەنگی جیهانی سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان گرتۆتەبەر بەلاَم زمانی کوردی و شەڕەسەنەکانی خۆی پاراستووە لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا لە باشووری کوردستان نەبێ ئازادە ئەوا لەسێ پارچەکەی تری کوردستان قەدەغە کراوە و بەنوسین و خوێندن بقەیە و هێشتا زۆر کەم چووتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی

و توركی و فارسی ، زمانی كوردی تا ئێستا شێوەیەكی ئەدەبی یەكگرتووی نیە زمانی كوردیش وەك هەموو زمانەكانی تری جیهان هەلومەرجی جیاواز وای لێكردووە كە چەندین شێوەزاری جیاوازی هەبێت .

ئەگەر سەیر بكەین لە هەموو زمانەكانی دونیادا ئەدەبیات دەوری كاریگەری گێڕاوە لە ستاندارد كردنی زمان ستاندارد نەبێت بڕیاری سیاسی و ئاسایشی نەتەوەكان لاواز دەبێت و لاوازبووە پێیەوە هەتا شەڕی یەكەمی جیهانی شێوەزاری كرمانجی ژووروو شێوەزاری ئەدەبی كوردی بوو ، بەلاّم پاش قەدەغەكردنی زمانی كوردی لە توركیا و سووریا بەهێزبوونی خەباتی ڕزگاریخوازی و ڕزگارییەخشی نیشتمانی كوردەكانی خۆرهەلاّت و باشوور شێوەزاری سۆرانی كرمانجی ناوەڕاست بەسەر ئەدەبی كوردیدا زالّ بووە و بووە بە زمانی نوسین و قسەكردن و خوێندن ( ستاندارد ) ی كوردی شێوەزاری سۆرانی لە سەردەمی كۆماری كوردستان لە سالّی ( ١٩٤٦ ) كودەتاكەی ( ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ) عێراقی و دانانان بەزمانی كوردی لە ماددەی سێی دەستووردا ئەو زمانەی تەواو بەرە و ستاندارد بردوو گەشەی باشی بەخۆوە بینی ، بەم بارەوە ( د.عبدوالرڕحمانی قاسملۆ ) نوسیویەتی " زمانی كوردی فێربوونی ئاسانە ئەگەر بە پیتی لاتینی بەكاربهێنرێ نە خوێندەواری زووتر لە نێو دەچێ و بێگانەش زمانەكە ئاسانتر فێردەبێ . ٥ (١٥،١٦)

زمانی كوردی لە ئێران و توركیا و سوریا قەدەغەیە و هیچ قوتا بخانەیەكی كوردی نییە و نوسینی شەقام دوكان زۆربەی گوند و شارۆچكەكان گۆڕاوە بۆ فارسی و عەرەبی و توركی ، تەنیا لە عێراق ئازادە لە هەموو شوێنێكدا لە كوردستانەكەی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی وولاّتن .

گەورەترین شاعیرەكانی بریتین لە ( بابا تاهیری هەمەدانی ) ( ٩٣٥-١٠١٠ ) كە بە شێوەزاری لوڕی شعری گوتووە چوارینەكانی ناوبانگی هەیە مەلای جزیری شاعیری سەدەی دوانزدەهەم گەورەترین شاعیری ئەدەبی نەتەوەیەتی ئەحمەدی خانی /

١٦٥٠ = ١٧٠٦ ) كە دیوانەكەی ( مەم و زین ) بەرزترین پلەی ئەدەبی كوردی سەردەمی دەرەبەگایەتی ( مەولەوی / ١٨١٥ = ١٨٩٢ ) خەڵكی بۆ خەبات هانداوە .لە شاعیرە گەورەكانی سەدەی بیستەم ( پیرەمێرد / ١٨٦٧=١٩٥٩ ) كە لەیەكاتدا شاعیر و رۆژنامەنووس و نووسەر و پەند بێژ بووە ( فایەق بێكەس / ١٩٠٥=١٩٤٨ ) و ( قەدری جان ) لە سوریا و ( ئەودالْ شەمۆن ) لە یەكێتی سۆڤیەتی جاران و ( نالی و سالم و كوردی و شێخ رەزای تاڵەبانی و مەحوی عەبدوللاّ گۆران و قانع و ئیبراهیم ئەحمەد ) لە باشوری كوردستان . ( هێمن و هەژار و هێدی ) شاعیری خۆرهەلاّتی كوردستان و سێكوچكەی كۆماری كوردستان لە ( مەهاباد ) .

ئەمانە كۆمەڵێكن لە شاعیرە دیار و گەورەكانی كورد ، كە لەبوارەكانی ( ئاینی – دلّداری – نیشتمانی – غەزەل – تەسەوف ... هتد ) ئەسپی خۆیان تاوداوە و شێعرەكانیان كاریگەری تەواویان لەسەر بزوتنەوە و ڕا پەڕینە كوردییەكان هەبووە و پشتی شۆڕشیان گرتووە و شعریان بۆ برزكردنەوەی ورەی خەباتگێڕیان نوسیوە و هانیان داون بۆ بەدەستهێنانی مافەڕەوا سیاسی و نیشتمانی و ئابوور ی مییلیەكانی نەتەوەكەمان ، شیعری وەهایان هەبووە كە هەرخۆی ڕا پەڕینێك بووە بۆ تێك شكاندنی كۆشكی ستەمی داگیر كەران و جۆشدانی ڕا پەڕینە كوردییەكان .
٥ (١٦،١٧)

## بەكارهێنانی كەرەستە زمانییەكان :

شێعری نوێی كوردی سالآنی پە نجا و شەستەكان لەكوردستانی عێراقدا ، لەسەر بنەمای ئەو قوتا بخانە شیعرییە دامەزرابوو ، كە ( نالی و سالم و كوردی ) بناغەیان دارشتبوو ، زمانی شێعری كلاسیكیش بە دیالێكتی كرما نجی خواروو ، بناغەكەی نیمچە دیالێكتی ناوچەی سلێمانی بوو ، كە بەكاریگەری شێعر و ئەدەبیاتی كلاسیكی نەتەوە دراوسێكان ، بەتایبەتی فارسی و عرەبی – بووە زمانێكی كوردی تێكەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی ، بەلاّم چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سێتاكسییەكانی زمانی كوردیدا دارێژرابوو .٩ (٢٨٣)

## زمانێکی نێر سالار

**وەك زمانەكانی تری ناوچەكە ، زمانی كوردیش نێر سالارە ، ئەگەر چی نەك هەر ئێمە بگرە هەمم گەلێكی ئەم جیهانە بەزمانی خۆی دەڵێت ، زمانی دایك . ئەمەش بەو سەبارەتەوەیە كە منداڵ ، لە منداڵدانی دایكدا دەڕسكێت .**

**كاتێكیش هاتە دنیاوە ، دیسان یەكەم پەیوەندی لەتەك دایكیدا گریٚ دەدات ، لەزاری دایكیشییەوە زمان فێر دەبێت . ئەو زمانە میللییەی كە ڕۆژانە لە نێو ماڵ و لەنێو كۆمەڵیشدا مامەڵەی پیٚ دەكرێت .ئەوە بۆیە گەلان زمان بە مێینەوە دەبەستنەوە . وە لیٚ پیٚ دەچیٚ ئەمە زیاتر پەروەردەكاران ( پێداگۆ ) بێت ، نەك ئەوانەی وا لە ڕەوشی زمان دەكۆڵنەوە . ٦** [١٣٥]

# سەرچاوەکان


| ژ | ناوی سەرچاوە | نوسینی | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کوردۆلۆجی | کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ | ٢٠٠٩ |
| ٢ | سایتی ویکیپیدیا | | |
| ٣ | کوردەکان کێن ؟ | ماهر عبدالسلام | ٢٠٠٦ |
| ٤ | مێژووە گەلی کورد و نەتەوەی کورد تورکمان نیە | صالح قەفتان | ٢٠٠٥ |
| ٥ | کورد و دەوڵەت | ئاوارە حسێن | ٢٠١٠ |
| ٦ | زمانێکی نێر سالار | محمد فریق حەسەن | ٢٠١٠ |
| ٧ | مێژووی شارستانێتی | وێل دیورانت | ٢٠٠٧ |
| ٨ | کوردستانی ناوەڕاست | کۆزاد محمد ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ٩ | چەند ووتارێکی کوردناسی | ئەنوەر قادر محمد | ٢٠٠٨ |
| ١٠ | کورد لەسەدەی حەوتەم تا سەدەی دەیەم | ئارشاڵ پۆلادیان | ٢٠٠٥ |
| ١١ | بنەمەکانی دەرونزانی | عزالدین احمد عزیز | ٢٠١٧ |